# ئازادی دوای راپەرین. . . ئازادی دوای ئازادی عێراق

محسن ئەدیب

ئەگەر ئاوڕیش لە دوانزە ساڵی ڕابردووی دەسەڵاتی کوردی نەدەینەوە بێبەلگە هەست بە بوونی جۆرێك لە ئازادی دەکەین کە تا ڕادەیەك لەم هەرێمەی دەوروبەرماندا ئەزمونێکی دیارو جێگای باسو لەسەروەستانە، بەلام ئایا ئەم (ئازادیە) ی لە کوێوە هاتووە؟ فاکتەرەکانی بەرجەستەبوونی چیبوو؟ ئایا ئەم ئازادیە تواناى بەردەوامبوونی هەبووەو دەیبێ؟ ئایا ئەم ئازادییە لە ئەدەبیاتی حیزبەکانی لەمەڕ ئێمەدا وجودێکی حەقیقی هەیە یاخود فاکتەرە بابەتیەکان هێنایانە ئارا؟

بیگومان بۆ وەلآمی ئەم پرسانە ناتوانین بە ئەندازەیەك ئازادیخوازی هەندێك لە سەرکردە سیاسیەکانو ڕۆشنبیرە بەهەلۆیست و بوێرەکان و کاریگەری میدیای ئازاد پشت گوێ بخەین، ئەگەرچی لە هەمانکاتیشدا ناتوانین خۆمان لە کۆمەڵێ فاکتەری بەرجەستەی بابەتی بوێرین کە کاریگەری زۆریان هەبووە لەسەرئەو ئەندازەیە لە ئازادی کەلە دوانزە ساڵی رابردودوی هەرێمدا فەراهەم بوو لەوانە.

نەبوونی شەرعیەتێکی نێودەوڵەتی: لای گشت لایەك ئاشکرایە ئەوەی لەم دوانزە ساڵەی ڕابردوودا لە هەرێمی کوردستاندا بونی هەبوو هیچ شەرعیەتێكو پێناسەیەکی نێودەوڵەتی نەبوو، لێرەوە حزبەکان ناچاربوون هەر هیچ نەبێ شەرعیەتێکی ناوخۆیی و متمانەیەکی شەعبی وەدەست بێنن، لێرەوە هەڵیژاردنیان ئەنجام دا و پەراوێزێکیان بۆ ئازادی هێشتەوە ئەگەر چی نە بە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکە قایل بوون و نە ڕێگاشیاندا ئازادی گەشەیەکی سوشتی بکات.

جێگیرنەبوونی دەسەڵاتی ئابوری‌و سەربازی: ئەگەر ئەمجارەیان نەختێك بە وردی چاوبگێڕینەوە بە دوانزەساڵی ڕابردووی دەسەڵاتی کوردیدا بە ئاشکرا ئەوە دیارە کە سنورەکانی ئازادی سال بە ساڵو بەرە بەرە بەرەو تەسکبوونەوە ڕۆشتووە، ئەمەش لەبەر چەند هۆیەك لەوانە:

أ. بە خاوەنبوونی جۆرێك لە دەسەڵاتی سیاسی‌و سەربازی‌و ئابووری کە بتوانێت بوونیان (حزبە گەورەکان) مسۆگەربکات. ئیدی بەو شێوەیەی‌سەرەتا پێویستیان بە شەرعیەتی جەماوەری نەما لێرەشەوە بەشێوەیەکی تۆتالیتاری دەستیان دایە کۆنترۆڵکردنی گشت کونوکەلەبەرەکانی گۆمەڵگاو نەفەسەکانی ئازادی لەدەرەوەی حیزبدا بەردەوام بەرەو کزبوون دەچوو، هەر بۆیەش هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢ دوا هەڵبژاردنی سیاسی بوو.

هەرئەم بەخاوەن بوونەی هێزیش بوو وای کرد کە حساب بۆ هیچ قیەمێکی دیموکراسی‌و مەدەنی نەکرێتو شەڕی براکوژی بە مانا هەرە سەرەتاییەکەی هەڵگیرساو سەرەنجامیش هەر لۆژیکی هێزبوو هەرێمی دووکەرتکرد

ب. دووکەرتبوونی هەرێم:- ئەشێ دووکەرتبوونی هەرێم بە بەرجەستەترین سیمای پرۆسەی بەرتەسکبوونەوەی بازنەی ئازادیەکان بناسێنین، چونکە لەلایەك هۆکارو لەلایەکی تر دەرەنجامی بەرتەسکبوونەوەی ئازادیەکان بوو، لەسەرو هەموو شتێکەوە دوو کەرت بوونی هەرێم قەبوڵنەکردنی ئەوی دی لەلوتکەدا بەرجەستە کردو ئەو کلتورەی لەیادەوەریماندا زیندووکردەوە کە مادام من هەم تۆ زیادیت. . . . لێرەوە وەك دەرئەنجامێکی ئاسایی بۆ نەبوونی ئازادی دەرحەق بەگروێکی دیاریکراو جوگرافیایەکی لە ئەویدی پاك دەبێتەوە وپاشانیش ئەم جوگرافیایە شوناسێکی سیاسی وەردەگرێت.

دووکەرتبوونی هەرێم دەرئەنجامێکی بەلگەنەویستی بەرتەسکبونەوەی ئازادیەکان بوو، پاشان خودی ئەم دووکەرت بوونە بویە هۆکارێکی تری یاریدەدەری بەرتەسککردنەوەی ئازادیەکان، چونکە بمانەوێو نەمانەوێ دووکەرتبوونی هەرێم تا ڕادەیەکی زۆر سیستمی تاك حیزبی هێنایەوە کایە کە ئەمەش خۆی بۆ خۆی ڕاستەوخۆ کاریگەری هەبوو لەسەر تەنگبوونەوەی تخوبەکانی ئازادی لەوانەیە کەسێك بڵێت ئەمە جورێکە لەبێویژدانی؛ چونکە لە جوگرافیای ئەو دوو کەرتەی هەرێمدا چەندین حیزبو گروهی تر هەبوون، بەلام نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە زۆرێك لەو حیزبانە دەستکردو سێبەری دوو حیزبە گەورەکەبوون، ئەمە جگە لەوەی ئێمە لەمێژووی ئەو حیزبانەدا هەلۆیستێکی ئەوتۆمان لەو حیزبانە نەدیوە تاوەکو ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینە لەقەڵەمیان بدەین لێرەوە مادام دەسەلاتی تاکە حیزبێ لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا ئامادەبێت ئیدی زۆر سانایە نەفەسەکانی ئازادی یەك ڕەنگە بنوێنن.

لەوانەیە بوترێت درەنگە بۆ ئەم جۆرە باسانە، دەبوو زووتر بەم جۆرە لەسەر ئازادی گفتوگۆمان بکردایە. ! ئەگەرچی هەمووکات زەرورە لە سەر ئازادی قسە بکەین، لەهەمان کاتیشدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەم ئەرکی ئەم نوسینە بەهەند نەگرتنی ئەزمونی کوردی نیە بەڵکو ئامانجی سەرەکی ئەم نوسینە یادخستنەوەی دوو پارتە دوسەڵاتدارە کوردییەکەیە بەوەی مەسەلەی میللەتەکەتان لە یاد نەچێت، ئەگەر شەرعیەتێکی نێو دەولەتیتان پێ بەخشرا ئەوا ئەو شعوری ئەو خەڵکە ڕەش‌و ڕووتە بە هەند وەربگرن لە بڕیارەکانتاندا چونکە زەمەنێك ئەوان تاکە سەرچاوەی شەرعیەتی بوونی ئێوەبوون، بە خاتری ئەوەی خۆتان پۆستێکی باڵا وەربگرن لە حکومەتی مەرکەزیدا مەسەلەی نەتەوەیەك‌و ئەزموونی میللەتێك بە با مەدەن‌و نەخشەی دووکەرتی هەرێم لە بەغداشدا چاپ مەکەنەوە لەبیرتان نەچێ ئێوە تەمسیلی نەتەوەیەکتان لە ئەستۆگرتووە، بۆیە واجبە لەسەرتان ئەو نەخشەیە لە بەغدادا هەر هیچ نەبێ بە یەکپارچەیی چاپ‌و بڵاوبکەنەوە و هەر هیچ نەبێ لە ئێستادا ستراتیژێکی یەکگرتوتان هەبێت، هەر بەو جۆرەش دەتوانن لەو گرێی خۆ بەکەم زانینە دەربازببن‌و بوێرانە لەسەر مەسەلە ستراتیژیەکان پێدا بگرن‌و ئەو میللەتەی گەمارۆکانی تەحەمولکرد، باجی شەڕەکانی براکوژی‌وخۆکوژی دا هیچی لە ئێوە ناوێ جگە لە یەکدەنگی‌وهەنگاوی حەکیمانەی ئێوە.

ئامانجێکی تری ئەم نوسینە وروژاندنی ئەوخاڵەیە کە بریتییە لە بە کەلتورکردنی ئازادی وەك بنەمایەکی سەرەکی کۆمەڵێکی مەدەنی‌و حکومەتێکی لیبراڵ، مەحوکردنەوەیەتی لەوەی حاڵەتێك بێت‌و لەگەڵ نەمانی باروزروفێکی دیاریکراودا ئازادیش زیندە بە چاڵ ببێت، ئەمەش بە واڵاکردنی دەرگاکان دەبێت بە ڕووی ماس میدیاکان و سیاسیە ئازادی خوازەکان‌و ڕۆشنبیرانی بە هەڵوێست‌و بوێر و دوورخستنەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە چنگی عەقڵی تۆتالیتاری حیزبەکان، دەبێت دەسەڵات وا تێنەگات ئازادی خەڵاتێکەو ئەو دیبەخشێت؛ بەڵکو ئازادی مافێکی سروشتی هەرکەسێکەو لێزەوتکردنی شۆڕشی دەوێ‌وبەهەرەمەندبوون لێی هیچ منەتێکی تێدانیە، بە پێچەوانەوە ئەو کاتەی دەسەڵات منەت دەکات چونکە جۆرێك لە ئازادی بەرقەرارکردووە ئەوە ئەوکاتەیە کە ئاشکرای دەکات کە ئەو زۆر دیکتاتۆرانە بۆ ژیان دەڕوانێ‌و لە هەمان چرکەشدا ئەوەمان پێدەڵێت وەك چۆن ئازادیت پی دەبەخشم ئاواش دەتوانم لێتی وەربگرمەوە، بۆیە ئاگاداری خۆت بە بێگومان ئەمە تاریکترین خوێندنەوەیە بۆ ئازادی کە دەسەڵاتەکانی لەمەڕ ئێمە مومارەسەی دەکەن. وەك چۆن یەکێك لە سیماکانی ئازادی سروشتی بونیەتی سیمایەکی تری دیاری بریتیە لە بێسنووربوونی واتە بەردەوام سنورەکانی ئازادی فراواندەبن و حەدێك نیە پێمان بڵێ لەوێدا ئازادی کۆتایی دێت، ئێمە ئازادین لەبەرئەوەی مافێکی سروشتی خۆمانە، مافێکی تری سروشتی خۆمانە بەردەوام لە پێناو ئازادیدا کۆشش دەکەین لەبەرئەوەی حەدێك نیە بۆ ئازادی بۆیە ئەبێت پێش هەموو شتێك دەسەڵات خوێندنەوەی بۆ چەمکی ئازادی بگۆڕێت بەر لەوەی هەرهەنگاوێکی یاسایی‌و عەمەلی بنێت.

E. mail - muhsinadib@yahoo_com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.